## کەشکۆڵی عەزیز و سەوزەحمەد

## نووسراو لە بۆکان،ساڵی ۱۸۸۰ی زایینی

ئەنوەر سوڵتانی

کەشکۆڵێکی ۹۳ پەڕەیی (۱۸٦ لاپەڕەیی)یە، پێشتر لەلای خوالیخۆش بوو میرزا عەبدولڕەحمانی ڕۆستەمی - دانسازی بۆکانی بووە و دواتر گەیشتووە بە ڕێزدار عەبدوڵڵا ڕۆستەمی ـ کوڕی ناوبراو و مامۆستای خانەنشینی شاری بۆکان. کاک عەبدوڵڵا بە ئەمانەت کەشکۆڵەکەی داوەتە ڕێزدار عەبدولڕەحمانی محمدیان و ئەویش دوای مۆڵەت وەرگرتن لە خاوەنەکەی، ناردوویەتی بۆ من بۆ پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن. ئاشکرایە منیش، دوای کۆتایی هاتنی کارەکەم دەینێرمەوە بۆیان و سپاسی زۆری خۆمی هاوڕێ دەکەم [دواتر ناردمەوە و گەیشتەوە دەستی خاوەنەکەی].

بە گوێرەی ئەو سەنگوسووکەی کردوومە، کەشکۆڵەکە کۆمەڵەی دوو بەیازی جیایە جیایە و گەرچی بە دابی کۆن، ژمارە بۆ پەڕەکانی دانەنراوە، هەوڵم دا بە قەڵەمی ڕەش (ڕەساسی) و زۆر بەوردی، بێ ئەوەی زیانێک بە پەڕەکان و دەقی نووسراو بگات، ژمارەیان بۆ دابنێم، کە سەرجەم بوو بە ۹۳ پەڕە، لام وایە ٦۳ لاپەڕەی یەکەم لە ۳۰ لاپەڕەی دواتر جیاواز بێت و درەنگتر شیرازەیان پێکەوە بەسترابێت، واتە بە تەقەڵ بەیەکەوە دورابێتن و بەرگێکی نەرم و جوانیان لە چەرمێکی قاوەیی نەعاملاوی کەمتر خۆشکراو، تێگیرابێت.

شێوەی خەتی ناو کەشکۆڵەکە، لە یەك و دوو زیاترە و بە بۆچوونی من، فەقێ و مەلا و خوێندەواری جیاواز، شیعریان تێدا نووسیوە یان نووسیوەتەوە، قەبارەی لاپەڕەکان بەم شێوەیە: ۱۸×۱۱,٥ سانتیمەتر.

قەبارەی بەرگی چەرمی هەندێک لە لاپەڕەکانی گەورەترە ۱۲×۳۰ سانتیمەترە.

هەر لا پەڕەی سێ یا چوار ستوون شیعری تێدا نووسراوە، شیعرەکان لەباری درێژی لاپەڕەکان، لە سەرەوە بۆ خوارەوە نووسراون، بەڵام ستونی نێوان دوو ستونی سەرەکیی، لە ڕاستەوە بۆ چەپ نووسراوە و وەک هێڵێکی باریکتر، دوو ستوونەکەی لە یەکتر جیا کردۆتەوە.

شێوەی خەتەکان نەستەعلیقن و هەندێک جار بە شێوەیەکی مونشیانە، نووسراون. بەڵام زۆربەی جار ناوەستایی و ڕادەی کەم خوێندەواری نووسەر، یان نووسەرەکانیان دەگەیەنن، نووسەر یا خاوەنەکانی کەشکۆڵەکە، بە شێوەیەکی ساکار و کەمتر شارەزایانە هەوڵی هەندێک ڕازاندنەوەی لاپەڕەکانیان داوە.

۱ـ ناوی شاعیرەکانیان لە سەرەتای زۆرێک لە شیعرەکاندا بە ڕەنگێکی سپی ناو چوارچێوەیەکی ڕەش نووسیوە؛ ئەو چوارچێوانە بە شێوە و ئەندازەی جیاجیا پێک هاتوون.

۲ـ سەرتاپای لاپەڕەکانیان بە ڕەنگی سوور یا سەوز ڕەنگ کردووە، کە وێدەچێت ئەم کارە، پێش نووسینی شیعرەکان بەڕێوە چووبێت، بەڵام ڕەنگەکان هەندێک جار لە لاپەڕەکانیتردا لەسەر شیعرەکانیش دراون.

۳ـ جیا لەوانە، هەندێک تەرح وێنە کێشراون، کە نازانرێ چین و شوێنی بەتاڵی نێوان شیعرەکانی پێ پڕ کراونەتەوە.

هەندێک یادداشتی غەیری شیعری بە سەر لاپەڕەکانەوە نووسراون و هەندێک ناو، ناوبردە کراون، کە لە پەیوەندی ناسینی نووسەر(ەکان)ی کەشکۆڵەکەدا، خاوەنی بایەخی تایبەتن. هەروەها ڕێکەوتی پێکهاتنی کەشکۆڵەکەمان کەم و زۆر، بۆ دیاری دەکەن.

ئەوانەی خوارەوە، ئەو ناو و ڕێکەوتانەن وا لە کەشکۆڵەکەدا هاتوون و دەقی ئەو یادداشتانەی منیان بە شوێندا دێ کەهەندێک ڕوونکردنەوەی پێویستن:

ل. ٥٠ ستوونی ٣ "عباسعلی "امیر ولی"

ل. ٩ ڕاست ستوون ١ "عزیز ٥١ ناتمریزی" + مۆر[ناخوێندرێتەوە].

ل. ١٢ ڕاست ستوون ١ "تمت شد کله از نسخه است. عزیز".

ل. ٣٩ چەپ "فحل مادیان بوره غنچه اسم ١٣١٧ تنگوز ئیل عصر ٥ شنبه ٢٩ شوال، دو دست اسب کرند (؟) عموی میرزا صالح جباری (؟) باد امین. بیست روز از زستان به نوروز مانده بود که نحل دادەشد".

[٢٩ شوال ١٣١٧ = ١٩٠٠/١/٣٠ ز]

ل. ٣٩ چەپ: "سچقان ایل موش...".

ل. ٤٠ ڕاست، ستوون ١، "شفیع شفاعت کند".

ل. ٤٢ ڕاست، مۆر، "عبده رستم (؟)".

ل. ٤٨ ڕاست، کۆتاییی لاپەڕە، دەستی چەپ، مۆر: "عبده سەوز ئەحمەد ١٢٩٨"

[١ـ مانگی ساڵی ١٨٨٠ و ١١ مانگی ١٨٨١ز] (سوز احمد).

ل. ٥٠: مۆری ڕووسی.

ل. ٥١ چەپ، "خطی سبزه حمد است".

ل. ٥٥ ڕاست، ستوونی ١، "فەقێ".

ل. ٥٩ چەپ، ناوەڕاست "یا حمد ... به سوره حمد".

ل. ٦٥ ڕاست (کۆتایی ستوونی ناوەڕاست)، "١٣١٠ رمضان المبارك، ایلان ایل".

[٢٢ رمضان ١٣١٠ مانگی ١٨٩٣/٤/٩ زایینی].

ل. ٧٥ ڕاست (لای سەرەوەی ناوەڕاست) "١٣١٨ نوزده ذالحجه اودایل"[١٩ ذالحجه ١٣١٨ = ١٩٠١/٤/١٠ز و ئۆدیل واتا ساڵی مانگا].

ل. ٨٣ ڕاست (ستوون اول): "نسخه کوت است...."(؟).

ل. ٨٧ ڕاست، (ستوونی یەکەم): "٣ شوال مطابق ایت ایل ١٣١٦ عزیز"[= ١٩٠٢/١/١٤ز].

ئەوانەی خوارەوەش یادداشتەکانی منن:

١ـ عەبباسعەلی (ئەمیر وەلی)، نازانم کێ یە، بەڵام بە ئاشکرا، هی ناوچە باشوورییەکانی کوردستان و لای کرماشان و ئیلام و لەکستان و لوڕستانە و زۆر گونجاوە هی ئیماندارێکی شیعی بێت یا ئەهلی حەق.

٢ـ "عەزیز... ٥١ تمریزی" ئەگەر بە تەواوەتی خوێندرابێتەوە، وا هەیە پەیوەندیشی لەگەڵ کەشکۆڵەکەدا بناسرێت، لەبەر ئەوەی من بە یەکێ لە دوو نووسەرەوەی کۆشکۆڵەکەی دەزانم.

٣ـ "فەحلی مادیانە بۆرە". یادداشتێکی ئاساییە کە خەڵکانی خوێندەوار لەسەر لاپەڕەی کتێبان دەیاننووسی و لە ڕاستیدا هیچ ناگەیەنێت، جگە لە ڕێکەوتی ساڵی ١٣١٧[=١٩٠٠ز].

٤ـ شفیع شفاعت بکات، ئەگەر ئاماژەیەک بە ناوی میرزا شەفیعی کولیایی شاعیر نەبێت، دوعایەکی ئاساییە، لە لایەن ئیماندارێکەوە.

٥ـ مۆری "عبده روستم" دوور نییە مۆری خوالێخۆشبوو ڕۆستەم باوکی میرزا عەبدولڕەحمانی دانساز و خاوەنی کەشکۆڵەکە بێت.

٦ـ ناوی "سەوزە ئەحمەد" و "سبزه حمد" دووجار لە لاپەڕە ٤٨ی ڕاست و ٥١ی چەپدا هاتووە و لە دووەمیاندا گوتراوە "خەتی سەبزە حمدە و ڕێکەوتی ١٢٩٨ [١٨٨٠ ـ ٨١]یشی پێوە دەبینرێت، هەر ئەو ڕستەیە دووپات بوونەوەی ناوەکە، منیان هێنایە سەر ئەو باوەڕەی کە نووسەری کە شکۆڵەکە، یاخود یەک لە نووسەرەکانی هەر ئەو "سەوزەحمەد"ە بێت. هەر کەس بووە، یادی بەخێربێت و هیوادارم لە سەرچاوەی دیکەدا زانیاری زیاتری لەسەر دەست بکەوێت.

٧ـ ساڵانی ١٣١٠ و ١٣١٨ (١٩٠٠ ـ ١٨٩٣) تەنیا ئەوە دەگەیەنن کە کەشکۆڵەکە لەو ساڵانەشدا بە دەست کەسانێکەوە بووە و بابەتیان لێ زیادکردووە.

٨ـ "نسخه کوت است" نەمزانی چییە، هۆکارەکەشی وشەی 'کوت'ە کە بە باشی بۆم نەخوێندرایەوە.

٩ـ (٣ شوال مطابق ئیت ئیل، ١٣١٦ عزیز، هەروەها عزیز... ٥١ تمریزی). من بەبێ ئەوەی هۆکارێکی ڕوونم بە دەستەوە بێت، لاموایە عەزیز یەک لە نووسەرانی کەشکۆڵەکە بێت و هاتنی ناوی دوو جار لە دوو لاپەڕەی ٩ی ڕاست و ٨٧ی ڕاستدا بە هەڵکەوت نەبووە.

هەر بەو بۆنەیەوە، عەزیز و سەوزەحمەد بە پێکهێنانی کەشکۆڵەکە دادەنێم، تا کاتێک کە زانیارییەکی دژ بەوەمان دەست بکەوێت.

من ئەم بۆچوونانەش بۆ دیاری کردنی شوێنی نووسەرانی کەشکۆڵەکەش، دەخەمە ڕوو:

١ـ زۆر وا هەیە ئەم کۆشکۆڵەش وەک بەیازی کۆنی ئەو سەردەمانە (لایکەم، کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم) بە دەست مەلا و فەقێ و موستەعیدەوە ئەم گوند و ئەو گوند و ئەم ناوچە و ئەو ناوچەی کوردستان گەڕابێت و لە حوجرەی مزگەوتی جیاوازدا بابەتی جیاجیای لێ زیاد کرابێت.

هۆی ئەم بۆچوونەشم، بوونی شیعری هەمەچەشنەی شاعیرانی کوردی ناوچە جیا جیاکانی کوردستانە، هەر لە هەورامان و ناوچەی گۆرانەوە بگرە، تا موکریان ـ کە لەوێ بە شیعری "ئەحمەدی کۆر" باڵ دەکێشێتە سەر زاراوەی کرمانجی ژوورووش. دەزانین کە شیعری "ئەحمەدی کۆر" ئەڵقەی پەیوەندی نێوان کرمانجی ژوورو و خواروە.

٢ـ شیعرەکان هی سەردەمێکن کە شیعری کرمانجی خواروو، بە هۆی نالی و سالم و کوردی و شێخ ڕەزاوە سەربەرز دەکاتەوە و شان لە شانی شیعری دەوڵەمەندی ناوچەی گۆران و شیعری کرمانجی ژووروو دەدات، شیعری ئەو شاعیرانە هەروەها ناری و حەریق لە کەشکۆڵەکەدا دەبینرێن.

٣ـ قورسایی سەرەکی شیعرەکان، هی ناوچەی هەورامان و موکریانە. شیعرە هەورامییەکان بە گشتی، هی میرزا شەفیعی کولیایی (بێلەواری/ مامێزەکی)ن، بەڵام شیعری شەهاب، یا شەهابی هەروەها خانەی قوبادی تێدا تۆمار کراوە. بەڵام ژمارەی شیعری شاعیرانی ناوچەی موکریان (مەهاباد و بۆکان و میاندواو) لەناو شیعرەکاندا بەرچاون: وەفایی، ئەحمەدی کۆر، عەبدوڵڵا بەگ (میسباح دیوان).

٤ـ بە هۆی زۆربوونی شیعری شاعیرانی موکریان، من سەبارەت بە سەوزەحمەد و عەزیز یا هەر کەسێکی دیکە، کە نووسەرەوەی شیعری ئەو شاعیرانە بێت، لاموایە شیعری هەورامی لەو سەردەمە تایبەتەدا (کۆتایی سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی بیستەم) بە هەموو ناوچەکانی کوردستان و یەک لەوان موکریاندا بڵاو بووبووەوە و خوێندەوار و شاعیر و شایەری گۆرانیبێژ، تا ڕادەیەکیش خەڵکی ئاسایی ناوچەکە، شیعری هەورامییان دەناسی، بەڵام شیعری شاعیرانی موکریان بەو شێوەیە لە ناوچەکانیتردا بڵاو نەببووەوە و زۆر نەچووبووە ناو بەیاز و دەفتەری مەلا و فەقێ و خوێندەوارانی باشوور و باکووری کوردستان. جا، قورسایی بەرچاوی شیعری شاعیرانی موکریان لە کەشکۆڵەکەدا من دەهێنێتە سەر ئەو باوەڕەی کە کەشکۆڵەکە یاخود بەشێکی بەرچاوی لەناوچەی موکریان نووسرابێتەوە. بەم پێیە سەوزەحمەد و عەزیز ـ ئەگەر نووسەرەوەی ڕاستەقینەی ئەو کەشکۆڵە بن، دوور نییە خەڵکی ناوچەی موکریان بووبێتن.

٥ـ قسەی کۆتایی، ئەگەر کەشکۆڵەکە لەناو موکریان نووسرابێتەوە، بە گوێرەی ئەو ڕاستییەی کە لە ماڵی کاک عەبدوڵڵای ڕۆستەمی ڕاگیراوە و ئەو لە باوکی خۆی ـ میرزا عەبدولڕەحمانی بۆ ماوەتەوە و مۆری "ڕۆستەم" باپیرەی کاک عەبدوڵڵاشی بەسەرەوەیە، دەکرێ بێینە سەر ئەو باوەڕەی کە کەشکۆڵەکە لە بۆکان و دەوروبەری نووسرابێتەوە و تۆمارکردنی لایکەم ١٧ پارچە شیعری ئەحمەدی کۆر ـ کە دەزانین لە گوندی دابەشبەندی بۆکان نێژراوە، ئەم باوەڕە قایمتر دەکات. وا هەیە زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بابەتە تایبەتەم لە لایەن کاک عەبدوڵڵاوە بگاتەوە دەست، کە هەر بە شوێن ئەم دێرانەوە دەیهێنم.

٦ـ لەناو کەشکۆڵەکەدا، پەڕەیەک کاغەز هەیە کە نوشتاوەتەوە و قەبارەی کراوەتە هەمان قەبارەی لاپەڕەی کەشکۆڵەکە، بەڵام پێوەی نەلکاوە. پەڕەکە شێوەی چوار لاپەڕەی بچووکی بە خۆیەوە گرتووە، کە سێ لاپەڕەیان نووسراوەی بەسەرەوەیە و لاپەڕەی چوارەم بەتاڵ ماوەتەوە. چوار غەزەلی فارسی لەو سێ لاپەڕەیەدا نووسراون کە لە مەقتەع، واتە دوایین فەردی هەموویاندا ناسناوی "فکری" دەبینرێت:

ـ اشفته شود حالت فکری ز فراقت

ـ فکری بیچاره اندر هجرت ای غنچه دهان

ـ فکری برو نصیحت سعدی بەگوش گیر
"کز هرچه بگذری سخن دوست خوشتراست".

ـ بنوش باده گلگون به هر زمان، فکری!

بەدوای چوارەم غەزیەلیشدا ئەم دێرانە نووسراون:

"جهت برادری أقا عبدالرحمن یادگار تحریرشد گرچه اشعار بنده قابل هیچ گونه توجهی نیست. به تاریخ ۲۰ شعبان المعظم ۱۳٤٤ (= ۱۹۲٦/۳/٦ز) عبدالله سلمانی تخلص به "فکری" یاحق".

ئەم شیعرە، لە سێ لایەنەوە ڕوونکەرەوە و شایەنی بایەخ پێدانە:

ئـ ـ دەری دەخات کە کەشکۆڵەکە تا ساڵانێکی دواتر واتە ۱۳٤٤ (۱۹۲٦ز) کەڵکی لێ وەرگیراوە و خوێندراوەتەوە.

ب ـ شیعرەکان پێشکەش بە "اقا عبدالرحمن" کراون، کە بە ئەگەری زۆر بەهێزەوە هەمان میرزا عەبدولڕەحمانی باوکی کاک عەبدوڵڵای خاوەنی کەشکۆڵەکەیە و ئەوە جارێکیتر، پەیوەندی کەشکۆڵەکە، لە دوایین قۆناغی پێکهاتنیشیدا بێت، بە بنەماڵەی ئەوان و بە شاری بۆکانەوە دەسەلمێنێت.

پ ـ وا هەیە لە هەموو ئەوانە گرنگتر ناوی شاعیرێکی خۆش مرخمان بۆ ئاشکرا دەکات کە شیعری ڕەوان و بە واتای وەک ئەم فەردەی گوتووە و بە داخەوە لە هیچ کوێیەک ناوی تۆمار نەکراوە:

قومی به کعبه مایل و جمعی کنشت و دیر
دیر و کنشت و کعبه ما ، کوی دلبراست

غایب نگردد از نظرم یار، گوئیا
درصحن دیده نقش جمالش مصوراست

یا ئەم شیعرە:

حدیث عشق زپیر مغان بپرس نه شیخ،
که او همیشه به فکر ردا و دستاراست!

یادی بەخێر بێت.

۷ـ خاڵێکی نائاسایی سەبارەت بە کەشکۆڵەکە هەیە، دەبێ لێرەدا باسی بکەم. بە قوژبنی دەستەچەپی لای خوارەوەی لاپەڕەی ٥٠ی ڕاستەوەی کەشکۆڵەکەوە مۆرێکی هەڵکەندراو دەبینرێت، کە لە ڕاستیدا مۆری جەوهەر و ڕەنگ نییە و ئەو شتەیە وا بە ئینگلیزی پێی دەگوترێت (Seal) واتە مۆرێکی ئاسن، وەک ئەوانەی بەڵگەنامەی پێ لاک و مۆر دەکەن. ئەو مۆرە بە سەر کاغەزەکەوە دراوە و هەندێ پیتی پێ بەرجەستە کراوە. مۆرەکە بە زمانی ڕووسییە، چوارگۆشەیە، ئەگەر هەڵە نەکەم ئەم پیت یان وشانەی بەسەرەوە دەخوێندرێتەوە. A٦p١١k١١ – No ٥ - CCPCBEBA

ئەگەرچی دەکرێ ئەوانە ئاماژە بن بە کتێبخانە، یا ئیدارەیەکی تایبەت، یا باڵیۆزخانە و کونسوڵییەتی ڕووس لەناوچەکە، بەڵام بە بۆچوونێکیتر دەتوانێ پەیوەندی بە کاغەزەکەوە بێت نەک کەشکۆڵەکە وەک کتێب. واتە نیشانەیەک بێت بۆ بازرگان یا تیجارەتخانەیەک کە کاغەزەکەی فرۆشتووە و ئێمە دەزانین بەشێک لەو کاغەزانەی وا لە ئێران دەفرۆشران، هاوردەی وڵاتانی ئەورووپی بوون و واهەیە ئێستاش هەر وابێت.، بەڵام من هیچ بۆچوونێکی تایبەتم لەسەر مەسەلەکە نییە و دایدەنێم بۆ خەڵکانی شارەزا، پیتە ڕووسییەکانیشم بە تەواوەتی بۆ ناخوێندرێنەوە. هەرچۆنێک بێ، بۆ دڵنیابوون لە مەسەلەکە، کۆپیی ئەو کۆدانەی وا بۆم خوێندرابوونەوە ناردم بۆ بەڕێز د. کامران ئەمین ئاوە. ئەویش زەحمەتی کێشا بوو و بە یارمەتیی ژیریی دەستکرد هەندێک زانیاریی بۆ ناردبووم کە ئەوە

ئەنجامەکەیتی:
"واهەیە سەرجەم عیبارەتەکە ئەم واتایەی هەبێ: بابەت یان تەمرینی ژمارە ٥ بە کودی ڕەمزیی A٦p١١k١١ و کلیل یا نیشانەیCCPCBEBA ەوە."
سپاسی زۆری برای بەڕێزم کاک کامران دەکەم.

٨ـ کۆنترین ڕێکەوتێک کە بەسەر کەشکۆڵەکەوە دەبینرێ، هی لاپەڕە ٥١ی چەپە، کە ساڵی ١٢٩٨ (١٨٨٠ ـ ٨١ز) بێت و نوێترینیان هی ١٣١٨ واتە ١٩٠١ی زایینییە.

دیارە بەحسابی پەڕەی زیادکراوی "فیکری" کە لەناو کەشکۆڵەکەدایە و ٢٥ ساڵ دوای دوایین ڕێکەوتەکەیە، دەردەکەوێ کە لایکەم تا ساڵی ١٩٢٦ کەشکۆڵەکە لەبەر دەستی خوێنەراندا بووە.

٩ـ کەشکۆڵەکە هەندێک وردە شیعری فارسیی شاعیرانی وەک سەعدی، فیردەوسی و مەولەویی بەڵخی ڕۆمیی و شاعیرانی نە ناسراوی دیکەی تێدا دەبینرێت، کە هیچ کامیان بایەخی ئەوتۆیان پێ نەدراوە و زۆر جار تەنیا شوێنی بەتاڵیان پێ پڕ کراوەتەوە.

١٠ـ دوا بە دوای نووسرانی ئەم دێرانە، ڕێزدار عەبدوڵڵا ڕۆستەمی، خاوەنی کەشکۆڵەکە، لە مانگی ٥ی ٢٠٠٩دا نامەیەکی بۆ ناردم کە، زانیاری زۆری سەبارەت بە نووسەرانی کەشکۆڵەکە تێدا ڕاگەیاندووە. کاك عەبدوڵڵا دەنووسێت:

**ـ "عەزیز مامی سەوزەحمەد و برای ڕۆستەم بووە.**

**ـ ڕۆستەم باوکی میرزا عەبدولڕەحمان و باپیرەی کاک عەبدوڵڵایە.**

**ـ سەوزەحمەد برا گەورەی میرزا عەبدوڕەحمان بووە.**

**ـ عەزیز و سەوزەحمەد مام و برازای یەکتر و وەدیهێنەرەکانی کەشکۆڵەکەن."**

خۆشحاڵم، کە ڕێزدار عەبدوڵڵای ڕۆستەمی بەم یادداشتە، مۆری ڕوونکەرەوەی لەسەر کەشکۆڵ و خاوەنەکانی ئەم ناوانە لەگەڵ کەشکۆڵەکەدا پشتڕاست کردەوە.

دەستی کاک عەبدوڵڵا خۆش بێت و یادی عەزیز و سەوزەحمەدی نووسەری کەشکۆڵەکە و میرزا عەبدولڕەحمانی باوکی، کە کەشکۆڵەکەی بۆ پاراستووین بەخێر بێت.

١١ـ لە نامەیەکیشدا کە ڕێزدار عەبدوڵڵای ڕۆستەمی لە مانگی ٦ی ئەمساڵدا بۆی نووسیوم، ئەم زانیارییانەی ڕاگەیاندووە، منیش دەیخەمە بەرچاوی خوێنەر:

**ـ "'ڕۆستەم'ی برای عەزیز و برازای سەوزەحمەد خەڵکی گوندی 'تورکمان کەندی'ی بۆکان بووە و سەردار سەیفەدین خانی موکری هێناویەتە بۆکان بۆ سەرپەرشتیکردنی کرێکاران لە بنیادنانی قەڵای سەردار و مزگەوتی جامیع و حەوزە گەورەی بۆکان (سەیفەدین خان لە نێوان ساڵانی ١٨٣٦ـ ١٨٩٠دا ژیاوە).**

**ـ وەستا ڕەحمانی ددانساز ساڵی ١٢٧٦ی هەتاوی، (١٨٩٧ـ١٨٩٨ز) لە بۆکان لە دایک بووە.**

**عەبدوڵڵا سەلمانی شاعیرێکی خەڵکی سنە بووە. وەستا عەبدولڕەحمان لە کاتێکدا لەگەڵ "میرزا حەمە کەریمی سەعیدی[دوکتۆر سەعیدیی دواتر]"دا لە سنە کاری ددانسازی کردووە، ئەوی ناسیوە."**

بابا مەردۆخی ڕۆحانی لە بەرگی دووهەمی 'تاریخ مشاهیر کورد'دا نووسیویەتی: "میرزا عەبدوڵڵا کە ناسناوی شاعیریی خۆی بە پێی ئیش و کاری "سەلمانی" هەڵبژاردبوو. ساڵی ١٢٨٦ لە سنە لە دایک بووە، لە ساڵی ١٣٣١هەر لەوێ کۆچی دوایی کردووە [١٩٠٧ تا ١٩٥٢ز] لەوێدا غەزەلێکی فارسیی شاعیریش چاپ کراوە، کە بەم فەردە دەست پێدەکات و بە ئاشکرا سیاسییە:

به قتل عاشق مسکین شتاب باید کرد
اساس هستی مارا خراب باید کرد

(بەرگی ٢، ل٣١٦)

ئەوەش فەردێکیتری هەر ئەو دەستەشیعرە کە کارتێکەریی زۆری شیعری ئەبولقاسمی لاهووتیی بە سەرەوە دەبینرێت:

برای چارەء این هرج و حق کشی و ستم

علاج نیست جزاین، انقلاب باید کرد

١٢ـ من هەوڵمداوە، لیستەیەک لە میسراعی یەکەمی شیعرەکان پێک بێنم، گەرچی لە هەندێک شوێندا تێکەڵەیە. و دوور نییە حساباتی منی تێکدابێت، بەڵام بە گوێرەی ئەو لیستەیەی لێرەدا دەیبینن، سەرجەم ١٠٢ پارچە شیعری کورت و درێژ لە کەشکۆڵەکەدا نووسراون، کە هەندێکیان وەک "لەیلی و مەجنوون" ٢٤ لاپەڕەن و هەندێکیان وەک فارسییەکان تەنیا یەک فەردن. لە حسابی مندا پارچە شیعری لاپەڕە ٧٥ی ڕاست ـ کە وا هەیە، هی ئەحمەدی کۆر بێت، گەرچی ١٢ لاپەڕەیە و لە چەند بەندێک پێک هاتووە، هەمووی بە یەک پارچە داندراوە، بەڵام موناجاتەکەی خانای قوبادی بە ٧ پارچەی جیاواز حیساب کراوە. ئەوەش لیستەی هەموو شیعرەکان.

| ژ | شیعرەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | بسم الله الرحمن الرحیم<br>دارجنکان، مشهوراست بە پیردار<br>هامسەران وەختێ جە ڕۆیان ڕۆیی، جە وەختان وەختێ | ١ ڕاست |
| ٢ | قیبلە، دوور وڵات | ٥ ڕاست |
| ٣ | دەروێشی مانەن میرزا شفیع بیلەواری (مامێزەکی) (کولیایی) (شەفیع) | ٦ چەپ |
| ٤ | میرزام زام حەی ١٢٠٦ ـ ١١٦٨ (دستگاه خسروخان اول) | ٨ ڕاست |
| ٥ | دۆس دوور وەتەن | ٩ ڕاست |
| ٦ | قیبلەم مەزانام | ٩ چەپ |
| ٧ | ماتم لە بەحر پەی نەدەر، نو زوڵمەت بێ ڕۆشنە (ئەحمەدی کۆر) | ١٠ ڕاست |
| ٨ | یا فەرد ئەعزەم (میرزا فەتحوڵڵا) | ١٢ ڕاست |
| ٩ | ئەمشەو هەم خەمان ها نە کەمیندا | ١٤ ڕاست |

| | | |
|---|---|---|
| ١٠ | میرزام قەڵای خاو (کەلام فەقێ) | ١٤ چەپ |
| ١١ | چراخم! دووریت (کەلام شەفیع) | ١٤ چەپ |
| ١٢ | لە بۆستانی ئیرەمدا خۆ نییە قەت (نالی) | ١٥ چەپ |
| ١٣ | ڕای شەرح ئەنوەر (شەفیع) | ١٧ ڕاست |
| ١٤ | میرزام زام حەی (شەفیع) | ١٧ چەپ |
| ١٥ | سەری زوڵفت کە ڕشتەی عومری خزری نیوە هەودایە (نالی) | ١٨ ڕاست |
| ١٦ | میرزام شکارکەرد یەك رۆستای نۆفڵ (کەلام شەفیع. بسم الله الرحمن الرحیم) | ١٩ ڕاست ١٩ چەپ |
| ١٧ | نەوبەهار.. وەش بۆ بە ئان دڵبەری (کەلام شەهاب) | تا ٣١ چەپ |
| ١٨ | آنکس کە نداند و بداند کە نداند (فارسی ٣ فەرد) | ٣٢ ڕاست |
| ١٩ | این (چە) چیزاست زیر دامنت (فەرد ـ فارسی) | ٣٣ ڕاست |
| ٢٠ | جهان تا جهان تخم بدکاشتی (فەرد، فارسی، فردوسی) | ٣٣ ڕاست |
| ٢١ | تا توانی درون کس مخراش (١ فەرد ـ فارسی). | ٣٣ ڕاست |
| ٢٢ | بە تدبیر شاید جهان... (١ فەرد فارسی) | ٣٣ چەپ |
| ٢٣ | چەند فەرد شیعری فارسی | ٣٣ چەپ |
| ٢٤ | فریشتەی شەریف علیك الاسلام (عاشق معشوقە) | ٣٤ ڕاست |
| ٢٥ | نوروز شد نوروز شد (نوروزی ـ فارسی) | ٣٤ چەپ |
| ٢٦ | زلێخام جۆشان | ٣٥ ڕاست |
| ٢٧ | جر... گوتم ئایا هەزاری ... (نالی) | ٣٦ ڕاست |
| ٢٨ | ئەی ،...... (...؟) | ٣٦ ڕاست |
| ٢٩ | ماه رمضان چون گذرد نوبت عیداست (فارسی ـ شێخ ڕەزا) | ٣٧ ڕاست |
| ٣٠ | قیبلەم! دەروونم کۆتانمە بۆ خەم نە دەروونم (نالی) | ٣٧ چەپ |
| ٣١ | شیرین خندە کەرد (شهابی است) | ٣٨ ڕاست |
| ٣٢ | بولبولی واله عەزمی جانانی هەیە (ناری..؟) | ٣٨ چەپ |
| ٣٣ | غم مخور عاشق! کە غم خوارت منم (فارسی) | ٣٩ ڕاست |
| ٣٤ | اسامی ماه: زمحرم چو گذشتی چو بود ماه صفر | ٣٩ چەپ |
| ٣٥ | میرزام پای داستان (شەفیع) | ٤٠ ڕاست |
| ٣٦ | ... خودا... عەزم یار خۆی.. (ئەحمەد کۆر) (تۆبە) | ٤١ چەپ |
| ٣٧ | هەروەکو من دیم لە خەودا ... لە ... لەشکری (ئەحمەدی کۆر) (تۆبە) | ٤٢ چەپ |
| ٣٨ | نەمردم من ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ (نالی) | ٤٤ ڕاست |
| ٣٩ | لە دوگمەی سینە دوێنێ نوێژی شیوان (نالی) | ٤٤ چەپ |
| ٤٠ | ڕەنگی گوڵ قوربان وەکو (ڕەنگی) ڕوخت ڕەنگین نییە (نالی) | ٤٤ چەپ |
| ٤١ | لە ئەم عیدە... لە دیداری ڕەفیقانم (حەریق) | ٤٥ ڕاست |
| ٤٢ | گەر تۆ یاری باوەفامی، هێندە سەنگین دڵ مەبە! (ئەحمەدی کۆر) | ٤٦ ڕاست |

| | | |
|---|---|---|
| ٤٣ | شەو لە من زستان و بەندە، رۆژ لەمن تاريك و ڕش (ئەحمەدی کۆر) | ٤٦ چەپ |
| ٤٤ | ئەی مايەی سەد فيتنە لە دوو نەرگسی جادوو (نالی) | ٤٧ چەپ |
| ٤٥ | دڵبەرا! دايم دەناڵم دەمبەدەم، شام و سەحەر (ئەحمەدی کۆر) | ٤٥ چەپ |
| ٤٦ | ئەی پەرتەوی حوسنت هەموو رەنگی گوڵی باغان! (نالی) | ٤٨ چەپ |
| ٤٧ | بۆ گەڕانی ئاشی دڵ فرمێسکی چاو ئاق دەنزە (أق دكزه)<br>(پێشتر نووسراوە "فارسی" و پاشان کراوە بە "کوردی" هی چ شاعيرێکە؟ وا هەيە هی مستەفا بەگی کوردی بێت). [ڕاستە هی مستەفا بەگی کوردییە ـ گۆڤاری "ژين"] | ٤٩ ڕاست |
| ٤٨ | درێغا بای خەزان دايە بەهاری شۆخی ڕەعناکەم (من کەلام وەفايی) | ٤٩ ڕاست |
| ٤٩ | زەدەی ڕووتم بە چاوی تۆ، شەفام بێ لێومکەت نابێ (وەفايی) | ٥١ چەپ |
| ٥٠ | زوڵفت بە قەدتدا کە پەرێشان و بڵاوە (نالی) | ٥٢ ڕاست |
| ٥١ | دڵبەری ... ی وەرد ئەحمەدای، ڕووگوڵشەنی پێنج خشتەکی (ئەحمەدی کۆر) | ٥٢ چەپ |
| ٥٢ | گرفتارم بە داوی چاوەکانی مەست و فەتتانت (وەفايی) | ؟ |
| ٥٣ | تەبيبی دڵ لە کوێيە، بێ عيلاجی دەردی کاريم کا (کلام عبدالله بەگ) | ٥٥ ڕاست |
| ٥٤ | بە ئەبرۆ و خەت و خاڵ خووبی، بە بای چست و چالاکی (فەقێ) | ٥٥ چەپ |
| ٥٥ | ئەمان مردم، عيلاجم کەن لە ڕێی پێغەمبەرا چارێ (کوردی) | ٥٦ ڕاست |
| ٥٦ | چاوەکەت فەتتانە تۆ تەعليمی دەرسانی مەکە (غزل وحشت) | ٥٦ ڕاست |
| ٥٧ | فەلەك! مەردەبای... (فەقێ) | ؟ |
| ٥٨ | ... ڕۆژ بێ قەرارم من لە عيشق رووی نەوگوڵها (ئەحمەدی کۆر) | ٥٧ ڕاست |
| ٥٩ | .... بەحققت يا ڕەببەنا... مردن هەر ئەوە (ئەحمەدی کۆر) | ٥٧ چەپ |
| ٦٠ | بە دينت ... زوخاو (ئەحمەدی کۆر) | ٥٩ ڕاست |
| ٦١ | حەسرەتی ئەندووهی جانان ئەم سووتاندنی ڕۆژ و شەب (ئەحمەدی کۆر) | ٦٠ چەپ |
| ٦٢ | مۆم زبانان، دڵ چو سەنگان... حەرير (؟) (ئەحمەدی کۆر) | ٦٢ ڕاست |
| ٦٣ | بەدڵ کين بە... مەی غوبار ميحنەتی دونيا (کلام کوردی)<br>(تەخميسی غەزەلی حافز الا يا ايها الساقی) | ٦٢ ڕاست |
| ٦٤ | چەند فەردی فارسی: حجاز بە بيداری آسودە ماند.<br>وێدەچێت ئەم لاپەڕەيە هی شوێنێکی ديکە بووبێت، يا پێچەوانە نووسرابێت. | ؟ |
| ٦٥ | پيری کەردەوە (شەفيع) | ٦٤ ڕاست |
| ٦٦ | گڵکۆی تازەی لەيل (ئەحمەد بەگ) | ٦٥ ڕاست |

| | | |
|---|---|---|
| ٦٧ | ستار، أنكه هست به نيرو تهمتنا (شێخ رضا) | ٦٧ چەپ |
| ٦٨ | هەی یاران نیان، هەی یاران (نیان) (هفت بند خانای "قبادی"؟)<br>له هەمان لاپەڕەدا دوای ١٨ فەرد نووسراوە: (تمت) | ؟ |
| ٦٩ | بەڵام له لاپەڕەی دواییدا واتا ٦٨ب" نووسراوە: بەندی دویم و بەم شیعره دەستی پێکردووه | ؟ |
| ٧٠ | قەدیم موتڵەق، یا قایم بەزات قەدیم موتڵەق | ٦٨ چەپ |
| ٧١ | یاحەق! کەس چون تۆ پەریَ کەس نییەن | ٦٩ چەپ |
| ٧٢ | یا ڕەب! من بەندەی نا فەرمان تۆم | ٦٩ چەپ |
| ٧٣ | یا حەی! ئەر بەدخوم، ئەر پاکیزه خووم | ٧٠ چەپ |
| ٧٤ | پادشای شاهان ئیقلیم هەستی! | ٧٠ چەپ |
| ٧٥ | کەریم کارساز! دەهەندەی دەوار<br>(دەبێ بەندەکانی بەراورد بکرێن. واهەیه نا تەواو بن) | ٧١ ڕاست |
| ٧٦ | عشق خوبان در جهان هرگز نبودی کاشکی (کلام حضرت شیخ سعدی) (فارسی) | ٧٢ ڕاست |
| ٧٧ | أخر ای سنگدل بیم زنخدان تا چند؟ (سعدی) | ٧٢ ڕاست |
| ٧٨ | بولبول ل باغ جەننەتی، دایم دەخوێنیَ عەندەلیب (کلام شیخ احمد کۆر) | ٧٢ ڕاست |
| ٧٩ | من ل داغ و حەسرەت تو ئەرز و ئاسمان پیَ بوو تەنگ (شێح ئەحمد) | ٧٣ چەپ |
| ٨٠ | من کریم بۆ چییه .... لێژ (کلام نالی) | ٧٤ چەپ |
| ٨١ | بسم الله الرحمن الرحيم ل وی کەسانی گویَ بداته ڕیوایەتی (؟).. شیعرێکی دوور و درێژه له چەند بەند پێکهاتووه، هەر بەندێکی سیَ فەرده که هاو قافیەن. به کرمانجیی ژووروو نووسراوه و تێکەڵه لەگەڵ کرمانجیی خواروو. وشەی عەرەبیی زۆر تێدان، هاوشێوەیه لەگەڵ شیعری ئەحمەدی کۆر، له کۆتاییدا هاتووه:<br>به دڵ بکا دۆعاییَ بۆ محەمەدی سیوجی. کێیه ئەو کەسه؟<br>[ئەو شیعره درێژەی محەمەدی سیوچی، سیوچ دێیەکی نزیکی شاری بانەیه، چاپ و بڵاو بۆتەوه. بڕوانه: محەمەدی سیوچی، تذکره العوالم یان بەیتی ئەووەڵ و ئاخر، چاپخانەی کامەرانی ـ سلێمانی، ١٩٧٩ ـ گۆڤاری "ژین"]. | ٧٥ ڕاست |
| ٨٢ | لێوەکەت مەی پێوەیه (فەردێك) | ٨١ ڕاست |
| ٨٣ | لەسەر شەو و ڕۆژی دانا و ملی فیتی لەسەر ناوه (حاجی قادر) | ٨١ چەپ |
| ٨٤ | بابی جەوابی دڵبەری (ئەحمەدی کۆر)<br>لێره بەدواوه تەرتیبی نووسینی دێرەکان دەگۆڕێت. وا هەیه تەسمیم واته شیرازەی لاپەڕەکان ـ خراپ کرابێت (پاشماوەی شیعرەکه له ٨٢ ڕاست و ٨٢ی چەپدایه) تێکچوونی شیرازه. | ٨٣ چەپ |

| | | |
|---|---|---|
| ٨٥ | ئەم شیعرەش، بە هەمان شێوەیە لە لاپەرە ٨٤ چەپەوە دەست پێدەکات (ناوەراستی لاپەرەکە) و تا ٨٣ چەپ درێژەی هەیە. واتا بە پێچەوانە: تا بە مەحشەر هەر دبێژم دی صەلا ل من غەریب (ئەحمەدی کۆر) | ٨٤ چەپ |
| ٨٦ | کلام شیخ سعدی: روزی ز سرسنگ عقابی بە هوا خاست ... (فارسی) | ٨٥ راست |
| ٨٧ | مرا راحت زندگی دوش بود... چەند شیعری فارسی | ٨٥ راست |
| ٨٨ | ئاهـ ئاتەشینم، فرمێسکی خوێنینم (چوار فەردی کوردی) | ٨٥ چەپ |
| ٨٩ | کلام شێخ ئەحمەدی کۆر [کالام نووسراوە] دڵ دەسوتێ شوبهی مۆم (ئەحمەدی کۆر) | ٨٦ راست |
| ٩٠ | فرمودە حضرت شمس قدس سرە: أگر ملك سلیمان را تو در زیر نگین داری (فارسی ـ مولوی بلخی) | ٨٦ چەپ |
| ٩١ | حەریق: هەموو کەس با بزانێ من کە سەودای زوڵفی دوو تاتم (حەریق) | ٨٧ راست |
| ٩٢ | چاوەرێی مژدەی نەسیمم تا لە گوڵشەن دێتەوە (حەریق) | ٨٨ راست |
| ٩٣ | نخواهم تاج کیخسرو، بجویم ملکت جم را (٢ فەردی فارسی) | ٨٨ چەپ |
| ٩٤ | شێخ بە تەنها بوو کە فەرمووی ابن ملجم من دەگێم (شێخ رەزا) | ٨٨ چەپ |
| ٩٥ | شێخ بێ خەبەرە لەم قسە مەشهوورە لە ئافاق (؟) | ٨٩ راست |
| ٩٦ | کلام شیخ رەزا: مامەکەی قەحپە ژنە، دەوڵەتی شەددادی هەیە (شێخ رەزا) | ٨٩ راست |
| ٩٧ | وەفایی: ئارەق رووی داگرتی لەبەر پێکەنین (وەفایی) | ٨٩ چەپ |
| ٩٨ | وەفایی: حەڵقە حەڵقەی تاری زوڵفی خستە سەر رووی نازەنین | ٩٠ راست |
| ٩٩ | خزمینە مەدەن پەنجە لەگەڵ عەشرەتی جافا (کلام شێخ رەزا) | ٩١ راست |
| ١٠٠ | لێرە دیسان تەرتیبی پەرەکان شێواون و سەرەتای شیعری لە ٩٢ راستەوەیە: کلام کردی: ئەرێ یاران شەبی هیجرانە یا خۆ مەحشەرە ئەمشەو؟ (کوردی) | ٩١ چەپ |
| ١٠١ | بە هەمان شێوە شیعری لاپەرە ٩٢ی راست لە ٩٣ی راستەوە دەست پێدەکات: وەفایی: یا رسول الله! دەخیلەك رووم نییە بێمە حزوور (وەفایی | ٩٢ راست<br>٩٣ راست |
| ١٠٢ | رضا: ای تل ... تو نیك واسطەای دادخواە را (شێخ رەزا). | ٩٣ چەپ. |

ئەم بابەتە پێشتر لەم سەرچاوەیەدا بڵاوبۆتەوە
گۆڤاری ژین ـ بنکەی ژین، سلێمانی، ژمارە ١، پوشپەڕی ٢٠٠٩